# عەشق لە دوو سنوورەکانەوە دەچۆڕێت

سکالاٚ _نەرویج
Skala_15

لە دەروازەی عەشقی تۆدا بۆنی گۆڵ و باران دەکەم

لەژێر سێبەری مژۆڵی چاوەکانت هێلانەی چۆلەکەکان دەبینم

لەوێ سەفەر بۆ باخچەکانی جوانی دەکەم

تاوی لەگەڵ هەناسەکانت باڵ دەگرم و

تاوێکی تر بەدەم سەمفۆنیاکانی روحتەوە سەما دەکەم

ئەمە تەلیسمەکانی عەشقی تۆیە کەجەستەم شەلاٚلی باران دەکات ؟

یان تۆ لە رەگەزەکانی هەوریت بۆیە سپیەتیت لێ دەچۆڕێت !

من بەدەم بە شەرمێکی منداڵیەوە

دەمەوێ ، بوخچەی سەر سینەی بێدەنگیت بکەمەوە

تا بەدەم گۆرانی ووتنەوە ماچ بەو شاعیرە بەخشین

کە بە دەنگی خۆی حکایەتی گۆڵەکان دەخوێنێتەوە

من پر بە دووریت خۆشم دەوێت

عەشق حکایەتی ئەو دیوو سنوورەکانە

عەشق شێتیەتیە لەگەڵ تۆدا

سەفەرێکە بۆ ئەبەد